وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان: نابێت بەبێ رەزامەندی حکومەتی هەرێم گازی کەگەکانی کوردستان بە هیچ شێوەیەک بگوازرێتەوە

وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ئێستا بڕی گازی پێویست بە وەستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان دابین نەکراوە و ئاماژەی بۆکردووە، نابێت بەبێ رەزامەندی ئێوان گازی کەگەکانی هەرێم بە هیچ شێوەیەک لە ناوخۆ و دەرەوە بگوازرێتەوە.

وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رووونکردنەوەیەکدا سەبارەت بە دەنگۆی تەواوکردنی راکێشانی بەریەکی گاز لە کەگەی کەرمەر، ئاماژەی بۆکردووە، " بەپێی گرێبەست لەگەڵ کەمپانیای داناگاز بەهیچ شێوەیەك کەمپانیاکە بڕی نییە بەبێ رەزامەندیی حکومەتی هەرێمی کوردستان گاز لە کەگەکانی هەرێمەوە بە هیچ شێوەیەکی دیکە بگوازێتەوە".

هەروەها وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی رایگەیاندووە، تا ئێستا بڕی گازی پێویست بە وەستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان دابین نەکراوە.

لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە، "ئەو بەریەی لە راگەیاندنەکاندا باس کراوە، لە سانی هەشتاکانەوە

هەبوون و کەمپانیای داناگاز پێشتر بە بابەتی گواستنەوەی کوندینسیت بەکاری هێناون".

لە بەشێکی دیکەی روونکردنەوەکەدا، وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان باسیان لەوەکردووە، لە کۆبوونەوەی ڕۆژی (2ـی تشرینی یەکەمی 2023) بە فەرمی بە کەمپانیای داناگازمان ڕاگەیاندووە: نابێت بەبێ ڕەزامەندیی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان گازی کەگەکانی هەرێم بە هیچ شێوەیەک چ لەناوخۆ یان دەرەوە بگوازرێتەوە.